



# هەنگاوەکانی ماسکارا بە جوانترین شێوە

**سالۆن ستۆکهۆلم- هەولێر**

هەنگاوەکانی دانانی کل و ماسکارا کردن، لەم چەند هەنگاوانە دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی لە رێگەی چەند هەوڵێکی بچووك جوانترین کاری ماسکارا و دانانی کلی چاو یان رەشکردنی چاوەکانت، دەکرێت لەم چەند هەنگاوانە کاری بۆ بکەین:



**یەکەم:** سەرەتا کلی شل لە ژوورەوەی چاوەکانت بەکاربهێنە و لەگەڵ گرتنی پێستی پشت چاوەکان، بۆ ئەوەی لۆچ دروست نەبێت لەکاتی دانانی کلەکە یان بۆیەی رەش، بە درێژایی برژانگەکان کلەکە لێبدە و تاوەکو دەگەیتە بەشی دەرەوەی چاو. سەبارەت بەوانەی چاویان بچووکە دەبێ هێڵکاری بۆ برژانگی خوارەوە نەکەن، دەبێ سێبەری کراوە بەکاربهێنین و دواتریش بە قەڵەمی سپی چارەسەری بکەین.هەروەها سەبارەت بە چاوی گەورە، قەڵەمی کلدانەکە لەسەر لێواری ژوورەوەی چاو بەکاربهێنە و تاوەکو دەگەیتە لێواری دەرەوەی چاو.



**دووەم:** ماسکارا بەکاربهێنە لە سەرەوەو خوارەوەی برژانگەکانت، بۆ ئەوەی جوانییەکی ناسك ببەخشێت، هەروەها بۆ بەکارهێنانی ماسکارای تەڕ، دەکرێت وەك سێبەرێك بەکاربهێنرێت لە جیاتی کلی شل، ئەمەش لە رێگەی فڵچەی ماسکارای تایبەت بە چاو.



دواتر هەندێك رەنگی سێبەری دروست بکە بۆ چاوەکان، بەڵام وابکە سێبەرەکە تۆخ بێت، ئەمەش دەبێ سەرەتا بە نەرمی ئەنجامی بدەی تاوەکو تۆخ دەبێت.

هێڵکاری برژانگەکانی خوارەوە بکە ئەمەش لە رێگەی قەڵەمی کلدان، ئەمەش لە دەستپێکردنی لە دیوی ناوەوەی خوارەی چاو، بەردەوام ببە تاوەکو ژوورەوەی چاو.







# مۆدەی ناسک لە پێڵاوە سپۆرتەکان

چەندەها مۆدەی تایبەت بە پێڵاوەکانی وەرزشی دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا مۆدەکانی داهاتوو لەوەی پێشووتردا کاریگەری و جوانی زیاتری دەبێت.

بە مەرجێك دەبێ ئەو مۆدانەی پێڵاوەکان لەگەڵ جوانی و شایستەی جلەکان بگونجێن، لە دوا مۆدەی پێڵاوەکان دەبێت ئاماژە بە پێڵاوە ناسکەکان بکەین، ئەوانەی بە مۆدەی سەندڵی سپۆرت ناسراوە.

ئەو مۆدەیە بۆ خانمانی بچووکە، دەتوانن بە جوانییەکی گەورە دەریبخەن، کاتێك لەگەڵ هەر جلێکی تایبەت یان جلی ئاسایی بیپۆشن، پێڵاوە سپۆرتەکان بۆتە مۆدەیەکی تایبەت، چونکە ناسکی و رەشیقی بە جەستەی خانمان دەبەخشێت.











# کراسە کورتەکان شایستەی جەستەیە

**سالۆن مریام – وڵاتی فەڵەستین**

لـە مـۆدە جوانەکانـی جلوبەرگدا، چەندەها مۆدەی تایبەت و جوان دەکرێت بە مۆدە جـوان و تایبەتەکان، بە جۆرێك جێگەی جوانی و ناسـكی نیشان دەدات و، دواتریـش لەگەڵ جەسـتە و جوانی خانمان دەگونجێت، لێرەدا باسـی بەشێك لە جلوبەرگـەکان دەکەین و بە تایبەتیش مەبەستمان کراسی کورتە.

وەکـو خاتوو مەرام لە سـالۆن مریام، ئامـاژە بە جوانی و ناسـكی کراسـی کورت دەکات و دەڵێت: جەسـتەی خانمان شایسـتەی جلە جوانەکانە، ڕێکخستن و سەرەنجراکێشـبوون لە جلی خانمان، دەبێ بە جلێك بپۆشرێت لەگەڵ لێواری جەستە بگونجێت، واتە کۆتایی جلەکان بکەوێتە سەر سەرەتای پێسـتی جەستە، بەمەش دەکرێت شێوازێکی سـەرەنجراکێش بەدی بکەیـن، بە مەرجێك جلەکان لە قیاسـی جەستە بێت، چونکە درێژییەکی زۆر یان تەسـکییەکی رادەبەدەر، دەبێتە شێواندنی جوانی جلەکە. بۆیە دەبـێ بە جوانترین شـێواز جوانییەکی کراوە بە جەسـتە و جلەکان ببەخشین.



## چـاوێلکە گـەورەکان

بەهـۆی بەهێزی تیشـکی خـۆر، وەکو ڕێگەیەك بۆ پاراستنی چاوەکان، هەروەها بۆ ئەوەی مۆدەیەکی جوانتر لە دیمەکان بەسـەر ڕووخسـاری خانمان دەربکەوێـت، چاکترین ڕێگە دەبێتە چارەسەر بۆ جوانی و پاراستنی چاوەکانت، ئەویش بریتییە لە دنانی چاوێلکە. چاوێلکە جوانەکان زیاتـر لە چاوی خانمان جوانتر دەردەکەون، چونکە لەگەڵ ڕووخسـار و شـێوەی جوانی ماکیـاژەکان دەگونجێت. چاوێلکە بە جوانییەکی ناسـك دەردەکەوێت، کاتێك لەگەڵ سیما و ڕووخسار ڕێکدەکەوێت، تەنانەت سـوودێکی گەورەشـی دەبێت بۆ پاراسـتنی چاوەکان لە تیشـکی بەهێز. بۆ مۆدەکانی ئێسـتاش چاوێلکەی گەورە بۆتە مۆدەیەکی سەرەکی لە دانانی چاوێلکەکان.

# دەستشۆرەکانی ماڵ هێمای جوانی و پاکو خاوێنین

گرنگیدان بـە کەرەسـتەکانی ماڵ و کارەکانی پاکڕاگرتن و شـێوازێکی تازە لە کارە جوانـەکان وەك ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی شایسـتەترین شێواز و ناسـکی لە گشت بەشێکی ماڵ دەربکەوێت، بەمەش دەتوانین خزمەتێکی کارای ماڵەکان بکەین. یەکێك لە بەشە هەرە گرنگەکانی ماڵ، بریتییە لە (دەست شۆر) یان شوێنی دەست شووشتن. چەندەها ڕێگـە و کاری جوان هەن ئەو بەشـە رازاوەتر بکەن، تەنانەت دەکرێت بە شێوازێکی ناسکیش بێت جوانییەکی گەورە ببەخشن. دەست شۆرەکان دەبێ بە پاکی و بریقە بێت، پێویستی بە کراوەیی و ناسکی هەیە، لەگەڵ دیمەنێکی جوان لە دەسـت شۆرەکان دەربکەوێت.









## ١٢ ساڵە بە جەستە





# کورترین و درێژترین پیاوی جیهان

دوای ئەوەی هەردوو بچووك و گەورەی پیاوی جیهان دەستنیشانکران، هەر یەکە بە شێوەی خۆی دەرخستنیان لە کەناڵەکانی راگەیاندن خستە روو، (بینگ بینگ ) ئەو هاوڵاتیەیە لە وڵاتی چین لە دایك بووە و درێژی باڵای ناگاتە (٦٥) سەنتیمەترێك، لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی ١٩ ساڵە و لەوە زیاتر درێژتر نابێت، بۆیە بە کورترین پیاوی جیهان دەستنیشانکرا.

باو شیشۆنیش تەمەنی (٢٩) ساڵە و بە درێژترین پیاو دادنرێت، درێژییەکەی دە گاتە (٢٣٩) سەنتیمەتر، لە دیدارێکی تایبەتیان بۆ پیرۆزبایی و یەکتر ناسین لەگەڵ یەکتر دانیشتن و چەندەها وێنەی یادگارییان گرت.

بەمەش دەبێتە یەکەم کۆبوونەوەی هەردوو کورت و درێژە پیاوی جیهان!

# تەسریحە سەیرەکان

مۆدەکانی قژ، بە چەندەها شێوە و تەسریحە ئامادە دەکرێن، هەریەکەش بۆ مەبەستێکی تایبەت دادەنرێت. کەچی هەندێکیان شێوەیەکی سەیر و سەرسوڕمان نیشان دەدەن. تەنانەت دەبێتە جێگەی گاڵتەجاری و پێکەنینی خەڵك.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی رۆیتەرز، لە ئاهەنگێکی تایبەت وێنەی چەند خانمێك وەرگیراوە، بە سەیرترین شێوە قژەکانیان تەسریحە کردووە و، هەر یەکەش بە قژێك تەسریحەی کردووە لە هیچ مۆدە و تەسریحەیەکی دیکەدا نەبووە. تەسریحەکانیش بریتیین لە (٤) جۆرە تەسریحە، هەر یەکە بە جۆرێکە، تەنانەت یەکێك لە تەسریحەکان بریتییە لە کەچەڵی بۆ سەری ئافرەتان.









## شاجوانی گەردوون هەڵبژێردرا

دوای ئەو ئاهەنگ و ڕێورەسمە تایبەتەی ئامادەکرابوو، بۆ هەڵبژاردنی شاجوانی گەردوون بۆ ساڵی ٢٠٠٩، ئەمەش لە کەنداوی ئەلباهاما لە ئەمەریکا ئەنجامدرا، لەگەڵ بەشداری بوونی (٣٣) شاجوان بۆ بەدەست هێنانی نازناوەکە. لە دوای دەسنیشانەکاندا شاجوانی وڵاتی فەنزویلا بووە خاوەن نازناوی شاجوانی گەردوون. ئەمەو ساڵی رابروو هەمان وڵات نازناوی شاجوانی جیهانیان بەدەست هێنا. شاجوانی فەنزویلا ناوی (ستیفانا فرینانذز)ە و باڵایەکی ناسک و چاوێکی قاوەیی کراوەی هەیە. درێژی باڵای دەگاتە (١٨٣) سەنتیمەتر، بووە شاجوانی گەردوون و تاجی شاجوانی لەسەر دانرا.

## یەک و دوو سەر

ئەوانەی جەستەیان بەهۆی گرفتێك لە کاتی لە دایکبوون یان لەناو سکی دایکیان تووش دەبێ، تاوەکو ژیانی ماوە لەگەڵی دەبێت. هەندێك جار حاڵەتەکان بە ئاسانی و سادەیی دەردەکەون، کەچی لە حاڵەتی دیکەش دەبێتە گرفتێك و چارەسەری زەحمەت دەبێت، ئەو دوو خانمە بچووکە، دەبن بە یەکێك لە حاڵەتە سەیرەکان و چارەسەریان لە منداڵییەوە هەبوو، بەڵام بریتی بوو لە مردنی یەکێکیان، بۆیە دایك و باوکی رازی نەبوون و تا تەمەنێکی ئەمرۆیان بە جەستەیەك و دوو سەر دەژیین. (لیندا و ئاڵی ) ئەو دوو کچەن، لە وڵاتی کەنەدا دەژیین، (١٢) ساڵە خوێندن و ژیان و خواردنیان لەگەڵ یەکترە و لە ژوورەوش کەسێکن و هاوبیر و هاوقسە و هاوڕەفتارن !





## سارکۆزی کورتە باڵایە

وادیارە سەرۆکەکانیش هەست بە کەمی و یان عەیبەکانی جەستەیان دەکەن، ئەمەش لە ڕێورەسمی کردنەوەی پیشانگایەکی ئۆتۆمبێل لە وڵاتی فەرەنسا، لەم کاتەدا سەرۆکی فەرەنسا ئامادەی پیشانگاکە بوو، ئەوەی سەیر بێت لەم پیشانگایە دوو لایەنی شاراوەی نیکۆلا سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا دەرکەوت.

سارکۆزی پێدەچێ باڵای خۆی بە کورت ببینێت ، بۆیە کاتێك وتارەکەی پێشکەش دەکات، لە ژێر قاچەکانی شتێك دانراوە بۆ ئەوەی باڵای درێژ دەربکەوێت. لایەنەی شاراوەی دووەمیش بریتییە لە هێنانی (٢٠) لە کورترین پاسەوانەکانی سەرۆك، بۆ ئەوەی سەرۆك لەنێو گشتیان بەرزتر و باڵا درێژتر دەربکەوێت.







# سەگە رەنگاورەنگەکان

ڕەنگی گیانداران دیاری کراوە و هەر یەکــە ڕەنگێکی تایبەتی هەیە، بەڵام لە داهاتوودا بەهۆی پێشکەوتن ئەو ڕەنگانە دەگۆڕێـــن و دەبێتە چەنددهـــا ڕەنگی دیکە.

تەنانـــەت نەوەك بۆ کاری جوانکاری، هەروەها بۆ جوانی و سیمای ئەو شوێنەی گیانـــدارەکان لەوێ بن. لە وڵاتی ژاپۆن هەنگاوێکی تازەیان داناوە بۆ ئەوەی گشت



ســـەگێك ڕەنگ بکرێت. ڕەنگکردنی ســـەگەکان بۆ زیاتر جوانتـــر بوون و بەخشـــینی دیمەنێکی جوان لە ژینگە و بازاڕ و شـــوێنە گشـــتییەکان، وەك ئەوەی بە کارێکی جوان و هەنگاوێکی شارســـتانی دادەنرێـــت، ڕەنگەکانیش تەنیا ڕەنگێك نییـــە، چەنددها ڕەنگ لە جەستەی سەگێك دەدرێت و دەبێتە سەگی ڕەنگاورەنگ.

## سەرینی ئەلیکترۆنی خەوت خۆشتر دەکات



**لە داهاتوودا گشـــت لایەنێکی ژیانمان بریتی دەبێت لە تەکنۆلۆژیا و داهێنانی تازە، بە جۆرێك جێگەی گرتنەوەی مرۆڤەکانیش دەبێت. گرنگـــی تەکنۆلۆژیا بیرۆکەی بۆ گشت شتێك هەیە و دەبێت، تەنانەت بیریان لە داهێنانی ســـەرینێکی تایبەت کردۆتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاگاداریکاتەوە لە خراپی خەوتنی یان بەئاگا هێنانی بە شـــێوەیەك کەســـەکە بێزار نـــەکات. ئەو ســـەرینە ئەلیکترۆنییە و بەهۆی ئامێری سمارت لە نێو سەرینەکە دانراوە، دەتوانرێت کاتی دانانەوە و یان شـــێوەی سەرینەکە چۆن دابنرێت، لەگەڵ بوونی رووناکی بۆ ئەو کاتەی کەسە هەڵدەستێت لە خەو.**



## پیاوی ڕەش و سپی!

ئەوانەی تووشـــی کارەسات یان ڕووداوێك دەبننەوە، بەهۆیـــەوە ئەنجامێکی خراپ لە جەســـتەیان دەردەکەوێت و لە داهاتووشـــدا ئاســـەواری دەردەکەوێت. تەنانەت لە کاتی کارەساتەکانیش ئاسەوارەکان دەمێننەوە، کەچی ئەو پیاوە بەبێ ئەوەی کارەساتێکی بەسەردا بێت یان تووشی حاڵەتێك بێت، جەستەی بۆتە دوو ڕەنگی پێچەوانەی یەکتر، ڕەش و سپی. (وەیـــس ئەعرەجی ) پیاوێکی خەڵکی وڵاتی مەغریبە، لە کاتی لە دایکبوونی جەستەی بە دوو ڕەنگی ســـپی و ڕەش دەرکەوتووە، تا ئێســـتاش شێوەی جەســـتەی بەم دوو ڕەنگە گەورە بووە. تاوەکو ژێر ســـینگی لە ڕەنگی ڕەشە و ئیتر ڕەنگە سپی دەبێتەوە.







# کورسییە هونەرییەکان

دروست کردنی کەرەستە سەیرەکان وا لە مرۆڤ دەکات سەرسوڕمان لەوەی مەبەستی دروستکردنی ئەو کەرەستانە چییە و بۆچییە! کەچی هەریەکە تەنیا بۆ کاری سەمەرە و جوانی دروست دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ کاری بازرگانی و نازناو ئامادەدەکرێت. ئەگەر لە دوورەوە سەیرێکی ئەو کورسییانە بکەین، بڕواناکەین ئەوانە کورسی بن، بیرمان بۆ شتی دیکە دەچێت، کەچی بیرۆکە سەیرەکان لە هەوڵی کاری تازەشن بۆ ئەوەی داهێنانی لەم جۆرە ئامادەبکەن. ئەو چەند کورسییە هەر یەکە بە شێوەیەك دروست کراوە و شێوەیەکی سەیر لە خۆ دەگرێت. جوانترین کورسیش لەوانە بریتییە لەو کورسییەی لە باونتی دروست کراوە ئەوەی بە (جوزی هیندی ناسراوە)!



## ئاهەنگی هاوسەرگیری بۆ گوێدرێژ

ئاهەنگەکان بۆ گشت خەڵکێك ئەنجام دەدرێت، ئەوانەی بۆ بۆنەیەکی تایبەت یان بۆ هاوسەرگیری ئەنجامی دەدەن. ئەمەش بۆ مرۆڤەکانە بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش بەسەر ببەن و، بەڵام بەم دواییە ئاهەنگی دیکەش پەیدابووە و کەچی ئەوجارەیان بۆ مرۆڤ نییە و بۆ گیاندارانە. لە وڵاتی هیندستان، بۆ یەکەم جار ئاهەنگی هاوسەرگیریان بۆ کەمەڵە گوێدرێژێك ئەنجامدا، ئەمەش وەك ریزگرتنێك لە گیانداری کەر، چونکە گیاندارێکی بەوەفایە و ماندووە. وەکو دەبینن چۆن لەگەڵ گوێدرێژە رازاوەکان وەستاون و وێنە دەگرن. لە ئاهەنگەکە نزیکەی (٣٠) کەر بەیەك گەیەنران.

## فرمێسکی سوور



بە گوێرەی هەواڵێکی تۆڕی هەواڵی ئەمەریکی cnn لە بەرنامەیەکی تایبەتدا، میوانداری گەنجێکی ئەو وڵاتە کرا، ئەو گەنجە ناوی (ئەلیکس)ە و بە بەهرەیەکی سەیری لە چاوەکانی، جیاوازی هەیە لەگەڵ گشت مرۆڤێکی دیکە، ئەوەی سەیر بێت لە چاوەکانی فرمێسکێك دەرژێت، لەگەڵ شێوە و رەنگی فرمێسکی دیکەی مرۆڤەکان جیاوازترە.

فرمێسکی ئەو گەنجە لە شێوەی خوێن وایە، رۆژانە ئەگەر (٣) جار نەگریێت و ئەو برە فرمێسکە سوورەی لە چاو نەیەتە خوارەوە تووشی ژانی سەر ئێشە دەبێ، ئەو وێنەیەش راستەقینەیە و لە کاتی رشتنی فرمێسکەکانیەتی!





## دانیشتن لەسەر پەنجە!


بەهێزی پەنجەکانی (شینۆنگ)، وایلێکردووە چەندها نمایشی تایبەت ئامادەبکات، تەنانەت دەتوانێت لەسەر پەنجەکانی دانیشێت و، لە نمایشە تایبەتەکانی بۆ کۆمەڵێك خەڵك، توانی بۆ ماوەی (١٠) خولەك لەسەر پەنجەکانی بوەستێت، یان دانیشێت. بەمەش دەتوانێت کێشی جەستەی دەگاتە (٦٧)کیلۆگرام لەسەر (٤) پەنجەی ڕابگرێت.





## سەیرترین مۆدێلەکانی جلوبەرگ

مۆدە سەیرەکانی جلوبەرگ، بە جوانترین شێواز بەم دواییە کەوتۆتە بازاڕ، لەگەڵ ئەوەشدا جێگەی جوانی و مۆدەیەکی تایبەتە. ئەوەی دەیبینن یەکێکە لە مۆدە سەیرەکان، بە جۆرێك ئەوەندەی دڕاوە و کاری دڕانی بۆ کراوە، وەك ئەوەی بەهۆی کارێك دڕابێت، کەچی لە مۆدەی سەرەتای بەم شێوەیە و دەپۆشرێت.





ئەمەش دەبێتە یەکێك لە وێنەکانی فێڵکاری چاو، دوو دیمەن لەناو وێنەیەك بەدی دەکرێت، هەریەکەیان ئاراستەی بۆ لایەنێکی تایبەتە، جیاوازی هەیە لە نێوان هەردوو دیمەنەکان. دیمەنی یەکەم بریتییە لە وێنەی کچێکی شۆخ و شەنگ. ئەگەر بە وردی سەیری زیاتری وێنەکە بکەیت، دیمەنی دوو ئەسپی قاوەیی و چیا و خۆر دەردەکەوێت.




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

گوێ لە ئامۆژگاری هاوڕێکەت بگرە و بە قسەی بکە ئەو بەرژەوەندی تۆی دەوێت، چەند شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەبن بە هۆکارێك بۆ ئەوەی هەڵەی ڕابردوو دووبارە نەکەیتەوە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

دوای ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی بە دیداری کەسێکی نزیکت شاد دەبیت و زۆر بەختەوەر دەبیت، کەسی بەرامبەر تا ئێستاش چاوەڕوانی وەڵامی تۆ دەکات.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

کەمێك هەست بە خەمناکی دەکەی ئەمەش بەهۆی زانینی چەند ڕاستییەك کە تا ئێستا تۆ نەتدەزانی، پێویستە سۆزی زیاتر بە خۆشەویستەکەت ببەخشیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئەم هەفتەیە بەخت دەبێتە هاوڕێت، چەند گۆڕانکارییەك لەژیانت ڕوودەدەن کە هەموویان لەبەرژەوەندی تۆ دا دەبن. کەسی بەرامبەر بەنیازە چەند نهێنییەکی تایبەت ئاشکرا بکات.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

کەسانی خاوەنی ئەمبورجە خۆشەویستەکانیان لەیاد ناکەن، وەفادارن و هەمیشە خاوەنی بەڵێنی خۆیانن، بەجۆرێك زۆر بیر لەڕابردوو ئەکەنەوە و ژیانیان هەمووی پڕە لەیادگاری.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

دەست بکە بە ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیەی کە ماوەیەکە بیر لەجێبەجێکردنی دەکەیتەوە، ئێستا باشترین کاتە بۆ ئەنجامدانی، هەستی نزیکبوونەوە لەو کەسەی خۆشت ئەوێت زیاتر دەبێت.

ئا/ هێمن قەسرەیی





## ئاســـۆیی:

١- کچه گۆرانیبێژێکی کورده خاوەن وێنەکە
٢- راین(ت)- شالیار
٣- ئامێرێکی مۆسیقایە پادشا- نەخێر.
٤- سێ پیتی جیاواز- بە پەلە(پ)- هۆش.
٥- روەکێکی ژێر زەوییە.
٦- سێ پیتی سێبەر- یانەیەکی ئیسپانی یە(پ)ز
٧- وان(ت)- ژێر(پ)- دوو پیتی تەم.
٨- پاڵەوانی جیهانی لە گۆرەپان و مەیدان(پ).
٩- روی(ت)- نەخۆشییەکە(پ).
١٠- دارێکە وەکو یەك- گەورە(پ) — رەنگێکە.
١١- جوانە (پ)-کچە گۆرانیبێژێکی ئەمەریکیە.
١٢- پایتەختی وڵاتێکی ئەمەریکیە- روبارێکە لە ئەمەریکا(پ).

## ســـتوونی:

١- دەریاچەیەکە لە مەریوان- کۆمپانیای نەوتی فەرەنسی یە.
٢- هێڵێکی مۆبایلە(پ) گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیتالی بوو.
٣- دەزگایەکی خێرخوازی جیهانییە- بەشێکە لە لەش .
٤- دارێکە- ژێر(پ) تەڵە.
٥- درێژترین رووبار لە پاکستان(پ).
٦- نیوەی داود- وڵاتێکی ئاسیایە(پ).
٧- راهێنەرێکی عێراقی بوو- میل(پ).
٨- کچە ئەکتەرێکی کوردە(پ) و باڵندەیەکە(پ).
٩- ئاڵتون- مانگێکە- لادێ.
١٠- رێگا(پ) بۆ فرین چیایەکی کوردستانە.
١١- چیایەکی کوردستانە(پ)- نیوز(ت).
١٢- گۆرانیبێژێکی ئەرمەنی دۆستی کوردبوو.

*ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی*

## بۆ زاخـــاوی مێشك

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..




| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (لۆ بە زمانی سلێمانی و کەرکوکی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شتێکە نابینرێت و هەستی پێدەکرێت، هێزێکی گەورەی هەیە)
- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (باوك بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٥+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی کورتکراوەی ئامێری پەیوەندی کردنە)!


* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (مـاریـنز) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
پێویستە بەزووترین کات چارەسەری پێویست بۆ کێشەکانت بدۆزیتەوە، کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر دەبەیت، رێگا مەدە قسەی خەڵك کاریگەری درووست بکات لەسەر پەیوەندییەکانت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
ئامادەبوونت لەبۆنەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی بەهێزتر بوونی پەیوەندییەکانت لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆکارێك بۆ کۆتایی هاتنی ئەو نیگەرانییەی کە ماوەیەکە هەستی پێ دەکەی.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
گشت نهێنیەکانی خۆت لای کەس ئاشکرا مەکە با خۆشەویستترین کەسیشت بێت، ئەگەر خۆشەویستت نییە پەیوەندییەکی سۆزداری لەرێگادایە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
ئەم هەفتەیە زۆر گۆڕانکاری ڕوودەدەن لەژیانی تۆدا، ماوەیەکە هاوڕێیەکت بەنیازە هەستی خۆشەویستی خۆی لای تۆ بدرکێنێت بەم نزیکانە پەیوەندییەکە دەست پێدەکات.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
پێکەنین دەبێتە هاوڕێت و خەمەکانت لەبیر دەباتەوە، دوای ماوەیەکی زۆر دابڕان ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کاتێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر ببەی.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
ئەم هەفتەیە زۆر گونجاوە بۆ نوێ بوونەوە لەهەموو بوارەکاندا، رازی دڵی خۆت بەو کەسە بڵێ کە دەمێکە بە نهێنی خۆشت ئەوێت ئەویش هەمان هەستی تۆی هەیە.

hemntoni@yahoo.com